# خانەقین

# شاری ئەو دارخورمایانەی بە هەوای کوردستان دەژین

نێردراوی لڤین بۆ خانەقین – حەمید عەلی



## خانەقین شارێکی پڕ لە کورد ، بەڵام عەرەب زمان

سەرەڕای ئەوەی لە دەروازەی شارەکەدا دارخورما بەرزەکان پشتیوانیت دەکەن، بەڵام کە بە تەواوی دەچیتە شارەوە دەتوانی بە ئاسانی بۆنی کوردبوونی شارەکە بکەیت، لە عێراقدا دارخورما بە یەکێك لە نیشانەکانی عروبە دەژمێردرێت هەربۆیە ڕژێمی سەدام بیری لەوە کردەۆتەوە لەگەڵ تەعریبی خەڵکی شارەکەدا سروشتەکەشی تەعریب بکات.

(میقداد) کە دانیشتویەکی شارەکەیە و خاوەنی دوو منداڵە دەڵێت"لەم شارەی ئێمەدا باوەڕناکەم کەس لەماڵەوە بە زمانی کوردی قسەبکات، چونکە کەلتوری بەعس فرە کاریگەری هەبووە لەسەرمان موستەحیلە فێری کوردی بین، مەگەر کوڕی کوڕەکەمان"

خانەقین لە پێش هەموو شارە ئازادکراوەکانەوە دێت کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکەی (١٢/١٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عێراق دێت کە ڕێژەیەکی چاوەڕوانکراوی دەنگی بەدەستهێنا.

(شێرکۆ نەجیب) کە خوێندکاری کۆلیژی پەروەردەی خانەقینە سەبارەت بەو بارودۆخە نوێیەی خانەقین دەڵێت"لێرەدا گەنجەکان وەکو گەنجەکانی سەرەتای ڕاپەڕین وان، زۆر سەرسامن بەو مێژووە خێراییەی کە بەسەر ناوچەکەدا تێپەڕ دەبێت" بەڵام (تەلعەت) بە شێوازێکی تر ئەو بارودۆخەی گەنجان ڕاڤە دەکات و دەڵێت"گەنجەکانی ئێرە زۆر دەترسن لەوەی کە شەڕی تایفی هەڵبسێت وەك ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا لە کوردستان ڕوویدا"

(لەیلا موحەمەد) کە مامۆستای کۆمپیوتەری کۆلیژەکەیە ڕایەکی تری هەیە، ئەو دەڵێت "گەنجانی ئەم شارە بەشتی لاوەکییەوە خۆیان سەرقاڵ کردووە، ئەوەندەی گرنگی بە مۆدیلات و مۆبایل دەدەن خوێندن و خۆ ڕۆشنبیرکردنیان لەبیر نەماوە" لە بارەی سەنتەرەکانی لاوانەوە لە شارەکاندا (سەرحەد) لەم بارەیەوە دەڵێت"لەم شارەدا ژمارەیەکی زۆر سەنتەر و ناوەند هەیە کە ئەمە جێگەی دڵخۆشیە، وە بەردەوامیش لە زۆر بوندایە، بەڵام بڕوابکە بە هەموویانەوە بەقەد چایخانەیەك تینوێتی گەنجان ناشکێنن"

(زانیار جەمال)ی خوێندکار ئەم مەسەلەیە ڕونتر دەدرکێنێت و دەڵێت"بۆیە گەنج بۆ سەنتەرەکان ناڕوات، چونکە سەنتەرەکان تەنها بۆ مەرامێکی حیزبی و سیاسی کاردەکەن، هەر حیزبێك هەڵدەستێت سەنتەرێك بۆخۆی دەکاتەوە" سەرەڕای ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی شارەکە کوردن و کوردیش تیایدا بالاً دەستە ، بەڵام خەڵکی ئەم شارە کەمتر لە زمانی



## خانەقین چاوی لە ئایندەیە

نەتــەوەکانیان تێدەگــەن و بەڕادەیــەکی زۆریش عەرەبی بـەکار دەهێـنن. (شادیە حەسەن) کـەژنی ماڵەوەیـە دەڵێـت"ئێمـە کەناڵە کوردییـەکانمان تـەنها بـۆ گـۆرانی دەوێــت ئــەگینا هــیچ لــە قســەکانیان تێناگـەین" (شـادیە) وتـی"ڕۆژنامەیـەکی کوردیم کـڕی لـە ئەوەڵـەوە تـاکو ئـاخیرم خوێنـدەوە هیچی لێ تێنەگەیشتم، بۆیـە پەنجەرەم پێ پاککردەوە"

ئەگـــەر دوئیـــدارەیی و ململانێـــی حیزبایـــەتی ئـــەو دەردەبێـــت کـــە لـــە جەسـتەی کۆمەڵگـەی کوردیـدابێت ئـەوە ئەم نەخۆشییە لـە خانـەقین لـە هـەموو شوێنێك زیاتر کوشندەترە، لەمبارەیەوە شێرکۆ دەڵێت"ئەو نەگبەتییەی کـــە تووشـــی هــــەرێمی کوردســـتان بـــووە بەهەمان شێوە تووشی ئێمەش هاتووە بۆ هەرکوێیەك دەڕۆیت دەڵێن پارتیت یان یەکێتی" سەلام مەدحەتی فەرمانبەریش بێـزاری خـۆی لـەم بارودۆخـە دەربـڕی و وتی"حیزبایەتی لای ئێمە تۆخترە تـا لـە ناوچــەکانی تــری کوردســـتان، چــونکە ئــەوان تێریــان خــوارد، کەچــی لای ئێمــە تازە بە تازە خـەلکی دەسـتی پێکـردووە" ســەلام دەڵێــت"مــن فەرمانبــەرێکم تــا سەعات (٢) لە دائیرە دەوام دەکەم کەچی هــاوڕێم هەیــە لــە ماڵــەوە دانیشــتووە هەرخەریکی خەوتنە بەقەدەر مـــــن مەعاشی هەیـە، بـەس لەبەرئـەوەی سـەر بە ئیدارەی ئەولایە" ئەو وتی"لـــــەم شارەدا ئەگەر پارتی یـان یـەکێتی نـەبیت مافت نییە"

ســەرەڕای هــەموو ئــەو گرفتانــە هێشــتا دانیشتوانی ئەم شارە ئومێدیان لە دەست نــەداوە و بــە گەشــبینییەوە دەڕواننــە ئاینده، تەلعەت کـە لـە ناوەڕاسـتی شـاردا وەســـتابوو چـــاوەکانی دوور دەیڕوانـــی، وەکــو ئــەوەی بڵێــی ســەیری ئاینــدەی شـارەکەی بکـات وتـی"بـەهۆی کرانـەوەی پــەیمانگا و کۆلیــژەوە لــە شــارەکەماندا هێدی هێدی ئاستی ڕۆشـنبیری ناوچـەکە بەگشــتی بــەرەو باشــتر دەڕوات" ئــەو وتی"هاتنی ڕێکخراوە ناحکومییـەکان بـۆ خانـەقین خـۆی بـۆ خـۆی دڵخۆشـییەکی گەورەیە"

